# نواندنی فەرهەنگیی و سینتاکسیی کردار لە زمانی کوردییدا

**ID No. 3369**

(PP 144 - 161)

https://doi.org/10.21271/zjhs.24.6.10

**عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف**

بەشی کوردیی / کۆلێژی زمان/ زانکۆی سلێمانی

abduljabar.maroof@univsul.edu.iq

**وەگـــــرتن : 2020/01/23**

**پەسندکردن : 2020/12/09**

**بڵاوکردنەوە : 2020/12/25**

**پوختە**

لێکۆڵینەوەکە تایبەتە بە نواندنەکانی کردار لە زمانی کوردییدا ، بە جۆرێک هەنگاوەکانی نواندنی لە فەرهەنگەوە دەستیان پێکردووەو تا سنووری پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییش، ئەویش بەوپێیەی کردارەکان تا ئەو پێکهاتەیەش هەر لە چێوەی کرداری فەرهەنگییدا دەمێننەوەو دەبنە کرداری مۆرفۆلۆژیی. کردارە مۆرفۆلۆژییەکان فۆڕم و واتایان گۆڕاون، ئەوەش گۆڕانی زانیارییە سینتاکسییەکانی کردارەکەی لێدەکەوێتەوەو دروستەیەکی جیاواز لە کردارە فەرهەنگیەکەدا دەنوێنێت. نواندنی سینتاکسییانەی کردارەکان لە چەند ئاستێکدا دەردەکەون، کە هەر ئاستەو جیاوازیی دروستەیی خۆیان هەیەو پەیوەست بە حوکم و دەسەڵات و دۆخەوە ڕەفتاری جیاواز دەکەن. هەمان هەنگاوەکانی لێکۆڵینەوەکە بۆ دەرخستنی جیاوازییە دروستەیی و مۆرفۆلۆژییەکانی کردار لە زمانی فارسییدا نراون و کارکردنەکانیش بە هێنانەوەی بەڵگەی دەرەکیی هەژمارکراوە، نەک دراسەیەکی قووڵی نێوان دوو زمانەکە بێت.

**پێشەکیی**

لێکۆڵینەوەکە هەولێکە بۆ دەستنیشانکردنی کرداری فەرهەنگیی ($V^0$) و سینتاکسیی لە زمانی کوردییدا . بۆ ئەوەش هەنگاوەکان لە فەرهەنگەوە(Lexicon) دەستی پێکردووە، هەتا فۆڕمە فەرهەنگییەکەی کردار($V^0$) بدۆزرێتەوەو دەستنیشان بکرێت. پەیوەست بەوەش بنەماکانی کردار لە زمانە سروشتییەکاندا بەکارهێنراوەو ئەو تەرزو مۆدێلە دیاریکراوە، کە کرداری کوردیی زانیاریی سینتاکسییەکانی پێدەنوێنێ. واتە (I) لە لایەکەوە کردارەکە پەیوەست بە پرۆژەسازدان (Projection Princip Theory) و پرۆژەسازدانی فراوانکراوەوە (Extended Porojection Theory) لێکۆڵراوەتەوە، واتە هەنگاوبەهەنگاو کردارە سینتاکسییەکانی ($V^-$) و ($T^-$)و ($age^-$) جیاکراونەتەوە، کە هەندێکیان پێواژۆیەکی(prosses) پرۆژەسازدانن، هەندێکی دیکەیان پێواژۆی پرۆژەسازدانی فراوانکراو دەیانگرێتەوە (ب)لەلایەکی تریشەوە کردارەکە پەیوەست بە فۆڕمی بێتاف(Non finite Verb) و تافدار (finite Verb)و ڕستیلەیی (Nonfinite clause)و ڕستەیی(Clause) دروستەکەی جیاکراوەتەوە.

لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەکە فەرهەنگی کردووەتە باکگراوندی کۆزانیاریی زمانی بەگشتیی و زانیاریی سینتاکسیی بە تایبەتیی، بۆیە لە چێوەی (V0)دا دروستە(Structure) جیاوازە فەرهەنگییەکانەوە دەستی پێکردووەو تێیدا کرداری سادە/ یەک_لێکسێمیی پاشان هەڵگوێزراو (derivate) هەروەها کرداری لێکدراوو دروستەکانیان خراونەتە ڕوو. پاشان دەستکراوە بە نواندنە سینتاکسییانەکەی ئەو کردارانە. هەروەها لێکۆڵینەوەکە تیۆری (X-Bar)ی بۆ ئاستەکانی نواندنی کردار بەکارهێناوەو بە پێی ئەو تیۆرییەش سەرە ڕێزمانییەکانی (Grammatical Heads) لە زمانی کوردییدا دیاریکراون. هەرچەندە تەواوی توێژینەوەکە بە کەرەستەی زمانی کوردیی ئەنجامدراوە، بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا وەک دوو زمانی هاوخێزان ، زمانی فارسیی لە هێنانەوەی بەڵگەی دەرەکیی دا کاری پێکراوەو هاوبەشیی و جیاوازییان لێکدراوتەوە. واتە لێکۆڵینەوەکە تەنها وەک بەڵگەی دەرەکیی نموونەی لە زمانی فارسییەوە هێناوەتەوە، بۆیە کارە چڕوپڕەکە لە زمانی کوردییدایە.


**1/1) کرداری فەرهەنگیی (Lexical Verb):**

کردار کەتیگۆرییەکی فەرهەنگیی پرۆژەسازدەرەو لە فەرهەنگدا ئاستی نواندنی ($V^0$)ی هەیە. کردارە فەرهەنگییەکە لە ناوەخنیدا پەیوەست بە سینتاکس و واتاشەوە هەڵگری زانیارییەکانەو لە قۆناغی پاش_فەرهەنگیی(Post Lexical) و سینتاکسییدا نواندنێکی جیاوازی هەیە. کردارە فەرهەنگییەکە بە ڕەگی کردار تاقیدەکرێتەوە. ڕەگی کردار لێکسێمێکی ناوفەرهەنگە، بەڵام نەبووەتە لێکسێکی

سەربەخۆ1. واتە کردارێکی بێتاف دەبێتە پڕۆژەسازدەرەکەو پرۆژەی فرێزی کرداریی بەرهەمدێنێت(سەبارەت کرداری فەرهەنگیی و سەری فرێزی کرداریی بڕوانە (حاتەم ولیا (٢٠٠٩: ١٢١-١٢٢)و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا هاتوون: محەمەد مەعروف فەتاح و محەمەدی مەحویی و وریا عومەر ئەمین و محەمەد عومەرو ..... )). کرداره فەرهەنگییەکە (ا) پەیوەست بە کەتیگۆرییەوە لە قۆناغی پاش_فەرهەنگییدا تەواوکەرەکەی هەڵانێردەکات، کە نواندنێکی بنەمایی (Principal Represetation) هەیە. (ب) کرداره فەرهەنگییەکە بە تەواوکەرەکەیەوە نواندنێکی پارامێتەریی دەبێت و ئاستی نواندنەکەی دەبێت بە (V¯)

لێرەوە قۆناغە پاش_فەرهەنگییەکەی بۆ دیاریکردنی تەواوکەرەکەی دەخرێتەڕوو، کە وەک ئاماژەی پێدرا بنەماییەو لەبەرئەوەی کرداره فەرهەنگییەکە ڕەگە، بۆیە نواندنێکی سینتاکسیی ئەبستراکتیی دەبێت و لێکسێمێکی ناسەربەخۆیە، کردارەکە لە فۆڕمی ناودا دەبێتە کردارێکی ناویی و زانیاریی سینتاکسیی و واتایی ناوی دەبێت، پەیوەست بە ناوبوونی کردار/ بەلێکسێمبوونی کردار بڕوانە هێڵکاریی (1) . لە ڕاستیدا پەیوەست بە بنەما جیهانییەکەوە بۆ زمانی کوردیی دوو یاسای کردار دەستنیشاندەکرێت،(بڕوانە یاسای ژمارە (1و 2))، پاشان لە پرۆسە بەلێکسیمبووەکەدا، کە بە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس ڕوودەدەن، بۆ زمانی کوردیی دەروازەی فەرهەنگیی کردارەکان پەیوەست بە واتاو سینتاکسەوە فراوان دەبن، (بڕوانە یاسای ژمارە (3و 4)).

هێڵکاریی (١)




دروستە سینتاکسییەکان (فرێزو ڕستە) لە هەر ئاستێکی نواندندا بن، پرۆژەیەکی فەرهەنگیین، ئەویش بەوپێیەی ناوەخنی فەرهەنگیی هەر توخمێکی فەرهەنگیی، ئەو زانیارییە سینتاکسییانەیان تێدا هەڵگیراوە، کە دواتر دەبێتە نەخشەکێشەری فۆرمە سینتاکسییەکان/فرێزەکان. ناوەخنی فەرهەنگیی هەر توخمێکی بڕیار لەسەر نواندنە بێکەموکورپییەکەی دروستەیەکی سینتاکسیی دەدات. بەجۆرێک لە هەموو ئاستێکی نواندندا تێر بکرێت، چونکە تێرنەکردنی دروستەیەک دەبێتە هۆی ڕێگاپێنەدان و ناڕێزمانییبوونی. وەک ئاماژەی بۆ کرا، کرداره بنەڕەتییەکانی زمانی کوردیی (یەک لێکسێمەکان) بەسەر دوو یاسادا دابەشدەبن، واتە کرداره بنەڕەتییەکان دوو ویستی فەرهەنگیی بەجێدێنن، بۆیە دوو دروستەی سینتاکسیی بەرهەمدێنن. کرداره هەڵگوێزراوەکانی (Derivational verb) زمانی کوردیی پەیوەست بە پێشناوە فەرهەنگییەکانی (پێ، تێ، لێ)وە، جگە لەوەی وەک فۆرمێکی مۆرفۆلۆژیی نوێ دەگەڕێن، وەک کردارێکی بەلێکسێمبووی نوێ دەچنە فەرهەنگەوەو لە پرۆسەی بەسینتاکسبووندا دروستەیەکی جیاواز لە کرداره یەک لێکسێمەکە بەرهەمدێنن. کرداره لێکدراوەکانیش وەک کردارێکی بەلێکسێمبوو مەمەڵە سینتاکسییەکانیان، پەیوەستە بە هەڵوەشاندنەوەیان بۆ فۆرمێکی سینتاکسیی. گشت ئەو پرۆسانەی لە کردارەکان دەکەونەوە پرۆژەکان بە جۆرێک ئامادە دەکەن، کە لە نزمەوە یان لە پرۆژەی بچووکەوە بۆ پرۆژەی بەرز یان گەورە بچن. ئەوەش بە مانای ئەوەی کردارەکان لە

[1] ) هەرچەندە کردارەکە لێکسێمە، بەڵام بۆ یاخێوەری زمانی کوردیی بەکارهێنانی سەربەخۆی نییە، کردارەکە پاش ئەوەی لەکرداردەخرێت، لە فۆڕمی ناودا دەبێتە ناوی کرداریی (Verbal noun) و وەک ناو دەبێتە لێکسێمی سەربەخۆ . بڕوانە: نانخواردن، کێڵان، مردن، ......

چێوەی دەسەڵات و ناوەخنە فەرهەنگی خۆیاندا پرۆژە بەرهەمدێنن. بۆ نموونە کردارەکان (ڕەگی کردار $V^0$) ئەو توخمە فەرهەنگییەن، کە فرێزی کرداریی دروستدەکەن. (V0)یە یەکلێکسێمی و بەلێکسێمبووەکان وەک لە سەرەوە باسکران و پەیوەست بەو یاسا فەرهەنگیانەی لە (1)دا دەردەخرێن، دروستەی سینتاکسیی جیاواز بەرهەمدێنن (بشڕوانە: سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٩: ٥٦)). ئەو یاسایانەی (1) پەیوەندیی بە ویستی کردارەکان و ناواخنی فەرهەنگیانەوە هەیە. واتە کەمترین نواندنی ئەوانە، کە بچووکتر ناکرێنەوە.(بشڕوانە حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩: ٨٤)و عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٣: ٦٨))

1) ا. کردارەکانی لە جۆری (خەو، ڕۆیش/ڕۆ، ها/هێ، مر، چ، گەیش/گە...)و ئەوکردارانەی وەک ئەوان وان، ناواخنی سینتاکسییان بەپێی فەرهەنگ، پێڕەوی یاسای V +[.....] دەکات. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو کردارانە لە سینتاکسدا تەواوکەریان نییە، بڕوانە نموونەی (3).

ب. کردارەکانی لە جۆری (زان، خوار/خۆ، بر/بە، هێن، کوش/کوژ، کێل، ...)و ئەوکردارانەی وەک ئەوان وان، ناواخنی سینتاکسییان (Syntactic Supposition) بەپێی فەرهەنگ، پێڕەوی یاسای V+ [N] دەکات. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو کردارانە لە سینتاکسدا تەواوکەرێک، بە سەر بە ڕەگەزی ناو هەڵدەبژێرێت (دواتر دیوە سینتاکسییەکەی تەواوکەر تاقیدەکرێنەوە). کردارکانی ئەم جۆرەیاسایە بەرهەمدێنن، لەو کردارەتێپەڕانەن، کە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە سادەن، بڕوانە نموونەی (4). هەردوو یاساکە (ا،ب) بە پێی بنەما جیهانییەکەی کردار هەڵسووکەوت دەکەن، کە لە سینتاکسدا نواندنەکەیان لە (V0)ی فەرهەنگییەوە بۆ ($V^{-}$)ی سینتاکسیی دەگۆڕێت. بەجۆرێک کە کردارە فەرهەنگییەکی لە ڕووی واتاوە کۆتوبەندداراەو لە ڕووی فۆڕمەوە سادەیە/یەکلێکسیمییە، کەچیی سینتاکسییەکە ئازادانەیەو لە ڕووی فۆڕمەوە دوو دانەییەو لە سەرو تەواوکەرێک پێکدێت.(بڕوانە کرداریی سینتاکسیی (٤/١))

**٢/١) کرداریی هەڵگوێزراو Derivate verb**

هەرچەندە وەک لە لێکۆڵینەوەکانی زمانی کوردییدا پێشنیازکراوە، هاتنی ناوی کرداریی/ بناغەی کرداریی بنەڕەتیی _سادە_ لەگەڵ لاگرەکانی هەڵگواستندا، ناوی کرداریی هەڵگوێزراو دروستدەکەن، بەڵام لێکۆڵینەوەکە لەسەر ئەو گریمانەیە دەڕوات، کە فۆڕمە هەڵگوێزراوەکە، فۆڕم و واتاکەی ڕەگی کردارەکە دەگۆڕێ نەک ناوەکردارییەکە، وەک لە هێڵکاریی (١)دا خرایە ڕوو، ناوەکردارییەکە لە پرۆسەیەکی لەکردارخستندا دەبێتە ناوو بە ناویی دەچێتە فەرهەنگەوە. واتە دەروازی فەرهەنگیی پەیوەست بە واتاو سینتاکسەوە لە ڕەگی کردارەکەوە دەستدەخرێت، هەربۆیە لە فەرهەنگیشدا بۆ هەر یەکێک لە کردارە فرهەنگییەکەو کردارە هەڵگوێزراوەکە دەروازەی زانیاریی جیاواز تۆماردەکرێت، بۆ نموونە بڕوانە کردارەی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژییەکانی: /هێن_ داهێن، ڕاهێن) (کر_ ڕاکر، تێکر، هەڵکر، پێکر، لێکر) (زان_ پێزان، لێزان) (گەیش_ پێگەیش، تێگەیش). هەریەکێک لەو کردارانە مۆرفۆلۆژییانە فۆڕمیان گۆڕاوەو لە کردارێکی فەرهەنگییەوە بۆ کردارێکی فەرهەنگیی دیکە گۆڕاوە، واتە: ( $V^0$ ⟵ $V^0$ ).

ئەوەی لە نێوان (V0)ەکاندا بەرهەمهاتووە: (ا) کردارەکە بەهۆی هەڵگواستنەکەوە لە کرداریی نەکەوتووە، (ب) زانیارییە واتاییەکانی کردار / پێکهاتەی واتایی کردار دەگۆڕێت و گۆڕینی زانیارییە سینتاکسییەکانی کرداریش پێشبینییلێکراوە. گۆڕینی مۆرفۆلۆژیانەی کرداری (کر) گرنگ و پێویستە، بە جۆرێک کردارەکە بە تەنها نە پێکهاتەی سینتاکسیی نە پێکهاتەی واتایی بۆ بەرهەمناهێنرێت، بۆیە لە پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژییدا کردارێکی فەرهەنگیی پێکهاتەدار (سینتاکسیی و واتایی) دروستدەکرێت. بۆ شیکردنەوەی ئەوەش بڕوانە کرداریی (هەڵکر) لە نموونەکانی (1)دا

١) ا. کر ⟵ هەڵکر ⟵ نەوزاد چراکەی هەڵکرد.

ب. کر ⟵ هەڵکر ⟵ نەسرین چەترەکەی هەڵکرد.

پ. کر ⟵ هەڵکر ⟵ باکە هەڵیکرد.

نموونەکانی (1) جگە گۆڕانی مۆرفۆلۆژیانەی کردارەکە، کردارەکە لە ڕووی سینتاکس و واتاشەوە بووەتە کردارێکی پێکهاتەدار، چونکە بەتەنها توانای هەڵاوێرکردنی واتایی و سینتاکسیانەی نەبووە، واتا کردارەکە بەتەنها زانیارییەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردنی

ئارگومێنتەکانییەوە نیشانەنەکراوە(Unmarked). کردارەکە لە نموونەی (1_ا)دا زانیارییەکانی لە ڕووی واتاوە پەیوەست بە هەڵاوێرکردنی ئارگومێنتە ناوەکییەکەی نیشانەکردووە، کە هەڵکردنێکەو پەیوەستە بەواتای داگیرسانەوە، هەروەها لەڕووی سینتاکسیشەوە کردارەکەی وەک کردارێکی تێپەڕ خستووەتە فەرهەنگەوە. لە نموونەی (1_ب)دا سەرباری بە تێپەڕ_هێشتنەوەی کردارەکە، زانیارییە واتاییەکەی لە کردارەکەی نموونەی (1_ا) جیایەو واتای بەرزکردنەوەو کردنەوەی هەیە، لە کاتێکدا نموونەی (1_پ) واتای دەستپێکردن و سەرهەڵدانی هەیەو بکەرەکەی بۆ (باوو ڕەشەبا) نیشانەکراوە. کردارەکە لە ڕووی سینتاکسەوە تێنەپەڕە. نموونەکانی ئەوە دەردەخەن، کردارەکە نواندنێکی مۆرفۆلۆژیی/فەرهەنگیی و پاشان سینتاکسیی هەیە. واتا بۆ نموونە کرداری (کر) لە دروستەی کرداری (هەڵکر)دا شیکردنەوەیەکی مۆرفۆلۆژیانەی هەیە نەک سینتاکسییانە، بەڵام کرداری (هەڵکر)، کە بەرهەمهاتوویەکی مۆرفۆلۆژییە، هەڵاوێری ئارگومێنتی پێدەکرێت و کرداریی سینتاکسیی دروست دەکات.

توێژینەوەکە هەوڵی دەرهێنان و خستنەڕووی ئەو زانیارییە سینتاکسییە دەدات، کە لە نواندنی جیاوازی کرداری فەرهەنگییەوە دەردەکەون، واتە ($V^0$ ن و هەر دەبنەوە بە $V^0$)، کە ئەوانیش پەیوەستن بە گۆڕانی مۆرفۆلۆژیانەو پێش بەسینتاکسبوونی کردارن.

وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، گۆڕینی مۆرفۆلۆژیانەی کردار بەواتای گۆڕینی زانیارییە واتایی پێشبینیکردنی گۆڕینی زانیارییە سینتاکسییەکانی دێت، ئەویش بەو پێیەی هەندێک کردار زمانی کوردیی پاش گۆڕینی مۆرفۆلۆژیانەش هەر خاوەنی هەمان زانیاریی سینتاکسیی دەبن، بڕوانە کرداری (چ) بە پێشگرەکانی (هەڵ و دا و ڕۆ)وە. بڕوانە (2، 3)

٢) چ ⟵ هەڵچ / داچ / ڕۆچ

↓ ↓ ↓ ↓

$V^0$ $V^0$ $V^0$ $V^0$

٣) ا. نەوزاد بۆ هەولێر چوو.

ب. شیرەکە هەڵچوو.

پ. دیوارەکە داچوو.

ت. زەوییەکە ڕۆچوو.

وەک لە نموونەکانی (2)دا دەبینرێت، کردارەکە دوای هەڵگواستنی بووەتەوە بە کردارێکی فەرهەنگیی نەک سینتاکسیی. نموونەکانی (3)ش ئەوە دەردەبڕن، کە فۆڕمەمۆرفۆلۆژییە نوێکەی کردارەکە تەنها زانیارییە واتاییەکانی گۆڕداوەو لە ڕووی سینتاکسییەوە هەڵاوێری ئارگومێنتە ناوەکییەکەی بە سفریی دەمێنێتەوە، واتە بۆی زیاد نابێت. نموونەکان پەیوەست بە هەڵگواستنەوە ئەوە بەدەستەوە دەدەن، مۆرفۆلۆژیی کوردیی (ا) زانیارییە واتایی و سینتاکسییەکانی کرداری فەرهەنگیی ($V^0$) دەگۆڕن، (ب) کردارەکە بەکرداریی دەهێڵنەوە، واتە بە هەمان پۆلەڕەگەز دەمێنێتەوە، بەوەش مۆفۆلۆژیی و فەرهەنگیی کوردیی وادەکەن لە نواندندا کردارەکان دوو دیوی فەرهەنگیی و سینتاکسییان هەبێت.

جیاواز لەو پێشگرانەی سەرەوە، پێشگرەکانی (پێ، تێ، لێ) زانیارییە واتایی و سینتاکسییەکانی کرداری فەرهەنگیی دەگۆڕنء کردارێکی زانیاریی_جیاوازی فەرهەنگی هەڵدەگوێزن. بڕوانە (4).


٤) ا. زان ($V^0$) ⟵ پێزان($V^0$)، لێزان($V^0$)


ب. گەیش ($V^0$) ⟵ تێگەیش($V^0$)، پێگەیش($V^0$)، لێگەیش($V^0$)


کردارەکانی (4) سەرباری گۆڕانە واتاییەکانیان، زانیارییە سینتاکسییەکانیان فراوانبووە، بۆیە دیوە فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژییەکانیان خاوەنی دوو زانیاریی جیاوازن، بەوەش دوو دیو فەرهەنگیی/مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییان دەبێت، ئەوەش لە کردارە مۆرفۆلۆژییەکانی پێشتر جیادەبنەوە، بڕوانە نموونەکانی (5).

5) ا. من بە هەواڵەکەم زانی.
ب. نەوزاد بە خۆشەویستەکەی گەیشت.

هێڵبەژێرداهاتووەکانی (5_اب) دیوە سینتاکسییەکەی کردارەکانی (پێزان و پێگەیش)ن، کە دوو نواندنی جیاوازی فەرهەنگیی_مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییان دەردەبڕن. ئەوەش ئەوە دەردەبڕێت، کە کرداری سینتاکسیی کوردیی بە هەمان فۆڕمی کردارە فەرهەنگییەکەوە دەرناکەوێت، ئەویش بەو پێیەی کردارەکە لە قۆناغی فەرهەنگییدا نواندنی (V0)ی هەیە، کە تاقوتەنهایە، پاشانیش لە قۆناغی بەسینتاکسبوونیدا (Syntacticalization)، بە نواندنی ناوەخنەکەیەوە دەبێت بە (-V)، کە نواندنێکی دووپەلکیی(Binary)و گۆڕاوە. بڕوانە نواندنی (6)و هێلکاریی (2)و (3).

٦)



هێڵکاریی (٢)



هێڵکاریی (٣)



نواندنەکەی (6) ئەوە دەردەخات، کە مۆرفیمەکانی (پێ، تێ، لێ) کرداری فەرهەنگیی بە نواندنی سینتاکسیی جیاوازەوە بەرهەمدێن، ئەویش وادەکات پەیوەست بە پۆلەڕەگەزدیاریکردنەوە (Sub Categorization) زانیاریی فەرهەنگیی جیاواز لە کردارە یەک لێکسێمەکە (ڕەگەکە) لە خۆیدا گەنج بکات. بڕوانە پۆلەڕگەزدیاریکردنی کردارە یەک لێکسیمیی و کردارە هەڵگوێزراوەکە لە (7)دا.

**کرداری فەرهەنگیی و هەڵگوێزراو بە پۆلەرگەزدیارییکردنەوە    کرداری بەسینتاکسبوو**

٧) ا. زان [N]+V ← پێزان [PP]+V ← بە هەواڵەکە زان

ب. گەیش [N]+V ← پێگەیش [PP]+V ← بە تۆ گەیش

جێبەجێکردنەکەی (7) نواندنێکی فەرهەنگیی مۆرفۆلۆژییانەی سینتاکسیی زمانی کوردیی دەگەیەنێت، کە وەکییەکێک لە زانیارییە زمانییەکانی ئاخێوەری زمانی کوردیی لە فەرهەنگە ئاوەزییەکەیدا گەنج کراونن، بە جۆرێک کە کرداره فەرهەنگییەکانی ژمێردراو و سنووردارن و نواندنە سینتاکسییەکەشی بێسنوورە/بێکۆتایە.


نواندنە مۆرفۆلۆژییاکانی کرداری هەڵگوێزراو بە (پێ، تێ، لێ) دەروازەی زانیاریی کردارەکانی زمانی کوردیی پەیوەست بە کردارەوە سینتاکسەوە نیشانە ناکات، ئەویش بەو پێیەی پێشبینییەکانی بەسینتاکسبوونی دیارینەکراون، بۆ ئەوەش پشت بە نواندنە سینتاکسییەکەی کردارەکە دەبەستین، ئەگەرچیی لە دوو زانیاریی فەرهەنگیی جیاوازیشەوە هاتبن. لەو ڕوانگەیەوە گەر بروانرێتە کردارەکانی (لێکر، تێکر، تێخس، لێن، لێسەن، ...)، ئەگەرچیی هەمان دروستەی مۆرفۆلۆژیی کردارەکانی نموونەی (6) یان هەیە، کەچیی لە نواندنە سیناکسییەکەیاندا فۆڕمێکی سینتاکسیی جیاواز دەخەنە ڕوو، بڕوانە نموونەکانی (8)و هێڵکاریی (4)و(5).

8) ا. من تۆم بە پیاو زانی.


ب. من تۆم لە ئەو کرد.

پ. پیاوەکە بارەکەی لە گوێدرێژەکە نا.

هێڵکاریی (٤)




هێڵکاریی (٥)



کرداره سینتاکسییه هێڵبەژێردا هاتووەکانی نموونەی (8)، دیوه سینتاکسییەکەی کردارەفەرهەنگییەکانی (لێکر، لێن)ن، کە وەک ئاسۆییانە دەردەکەوێت، کردارەکە دوو تەواوکەری لە فۆڕمی دوو فرێزی دروستە_جیاواز هەڵاوێرکردبێت، بەڵام ستوونیانە لە پەیوەندییە هەڕەمییەکەی هێڵکاریی (4) ئەوە دەردەخات، کە کردارەکە لە ئاستی سینتاکسبووونیدا ( ̄V)، هەڵاوێری تەواوکەرێکی دیکە(فرێزەناوییەکە) دەکات. هەروەها بە پێی نواندنە سینتاکسییەکانی نموونەکانی (8) ئەم جۆرە کردارە مۆرفۆلۆژییانەیە، ئەگەرچیی بە هەمان یاسای مۆرفۆلۆژیی بەرهەمهاتوون، کەچیی زانیارییە فەرهەنگییە تیاگەنجکراوەکانیان پەیوەست بە پۆلەڕەگەزدیاریکردنەوە جیاوازە. بڕوانە نواندنی (9)و لەگەڵ (7)دا بەراوردیی بکە.


| کرداری فەرهەنگیی و هەڵگوێزراو بە پۆلەڕگەزدیارییکردنەوە | | | کرداری بەسینتاکسبوو |
|---|---|---|---|
| ٩) ا. زان [N]+V | ⟵ | پێزان NP/DP + [PP]+V | ⟵ تۆم بە پیاو زان |
| ب. کر [N]+V | ⟵ | لێکر NP/DP + [PP]+V | ⟵ تۆم لە ئەو کر |

**٣/١) کرداری لێکدراو**

کرداری لیکدراو یەکێکە لە کردارە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردیی، کە نواندنی (V0)ی هەیە، واتە لە فەرهەنگدا پەیوەست بە سینتاکس و واتاوە وەک یەکەیەک هەڵگیراوەو مامەڵە دەکات. لێرەوە گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە کردارە لێکدراوەکان لە فۆڕمێکی سینتاکسییەوە بوویێتن بە کردارێکی فەرهەنگیی، چونکە بەپێی پێداویستییە فەرهەنگییەکانیان (ئاگومێنتکانیان/ پۆلەڕەگەزدیاریکردن) بوونەتە کردارێکی لێکدراو. لەو ڕوانگەیەوە دەبێت لە کردارە یەک لێکسێمییە فەرهەنگییەکەوە هەنگاوەکان بنرێت، ئەویش لەبەرئەوەی ئەوان لەو چێوەیەدا پرۆژەسازدەرەکەن. واتە کردارە یەک لێکسێمییەکە بە تەواوکەرەکەیەوە بووەتە کرداری لێکدراو، بڕوانە (10).

١٠) $V^0 + \text{Compliment} \longrightarrow V^- \longrightarrow V^0$

بە پێی هاوکێشەی ژمارە (10) کرداری فەرهەنگیی ($V^0$) لەم جۆرە لە فۆڕمەکەیدا تەواوکەرێکی زگماکیی هەڵگرتووەو بەوەوە هەڵاوێری سینتاکسیی دەکەنء بەوەوە زانیارییە واتایی و سینتاکسییەکان بەرجەستە دەبێت. بڕوانە جێبەجێکردنەکەی لە (11)دا.

١١)



دەرکردەکەی نواندنی (11) کردارە فەرهەنگییەکەی زمانی کوردییەو لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە لێکدراوە، کە پێشبینیی ئەوەش دەکرێت بە هەمان دروستەوە ببێتە وشە/ لێکسێمە سەربەخۆ. بە لێکسێمبوونی ئەو دروستەیە هەبوونی دروستە سینتاکسییەکەی

دەسەلمێنێت، ئەویش بەو پێیەی بەلێکسێمبوون، گۆڕینی فۆڕمێکی سینتاکسییە بۆ فۆڕمێکی سینتاکسی فەرهەنگیی/مۆرفۆلۆژیی (https://en.wikipedia.org/wiki/Lexicalization) . بڕوانە نموونەکانی (12)

12) بەفرماڵ، پیاوکوژ، دەستبڕ، میوەفرۆش، ....

گۆڕانی مۆرفۆلۆژیانەی کرداری سادە بۆ بۆ لێکدراو، گۆڕانی هەڵاوێرکردنی(Selection) سینتاکسیی و واتایی لێدەکەوێتەوە. ئەگەرچیی کردارە یەک لێکسێمییەکەی ناو کردارەکان لە جۆری یاسا (1_ب)ن، بەڵام لە دروستەی ناوەوەی کردارەلێکدراوەکاندا دەبنە ئارگومێنت_ دروستکەر (Predicator) بەوەش کۆی کردارە لێکدراوەکە دەبێتە ئارگومێنتداواکەر (predicate)و ئەویش بەهۆی سەرە ئەرکییەکانەوە (functional Heads) بکەر هەڵاوێردەکات.

**٤/١) کرداری سینتاکسیی**


بیرۆکەی پریدیکاتۆر (پریدیکات_دروستکەر) ئاڕاستەی لێکۆڵینەوەکەی بەرەو ئەوە بردووە، پێشبینیی کرداری سینتاکسیی و فەرهەنگیی بکرێت، ئەویش بەو پێیەی کردارە فەرهەنگییەکان لە چوارچێوەی فرێزی کردارییدا نواندن و دەسەڵاتی سینتاکسیی و واتاییان هەیە، بەوەش: (ا) لێکۆڵینەکە بەپێی هەنگاوەکانی تیۆری بەبڕشتیی (Valence Theory) ناڕوات و کارناکات، چونکە پریدیکاتۆر/کرداری فەرهەنگیی دەسەڵاتی هەڵاوێرکردنی بکەری نییە (http://citeseerx.ist.psu.edu/viewdoc/download?doi=10.1.1.476.8124&rep=rep1&type=pdf) ، (ب) کردارەی فەرهەنگیی و نواندنەکانی لە سینتاکسدا دەستنیشان دەکرێت و گریمانەی کردارە سینتاکسییەکەی کوردیی لێدەکرێت.

وەک ئاماژەی پێدرا، کرداری فەرهەنگیی پریدیکاتۆرە، کە ڕەگی کردارەو دەسەڵاتەکەی لەناو فرێزە کردارییەکەدا کۆتایی دێت، لەوەشەوە دەبێت پێشبینی ئەوە بکرێت، کە کرداری سینتاکسیی ( $V^-$) بێت. ئەویش بەو پێیەی کرداری فەرهەنگیی بە هەرسێ نواندنی فۆڕمی سادەو داڕێژراوو لێکدراویشەوە لە نواندنە سینتاکسییەکەیدا بە تەواوکەرەکەیەوە دەچێتە سینتاکسەوە، چونکە لە بەسینتاکسبوونی کردارەکاندا زانیاریی تیاگەنجکراوی کردارەکە دەنوێنرێت، واتە کردار هەرگیز بەتەنها نایەتە فرێزی کردارییەوە . بەوەش دەبێتە کردارێکی سینتاکسیی ئازاد، بڕوانە نموونەی (14)، ئەوەش دەربڕی ئەوەیە، کە (V0) کردارێکی بەلێکسێمبووی ناوفەرهەنگەو ($V^-$)یش کردارێکی سینتاکسیی ئازادە. بڕوانە جێبەجێکردنەکەی لە نموونەکانی (13)و هێڵکارییەکانی (6)و (7)دا.


13) ا. کوژ($V^0$) ⟵ ژن کوژ ، کوڕ کوژ، ڕێوی کوژ، مارکوژ، ..... (کرداری سینتاکسیی $V^-$ )

ب. مر ($V^0$) ⟵ مر (-V) (لە فەرهەنگەوە تەواوکەری تێدا گەنجنەکراوە، بۆیە بەهەمان فۆڕمەوە دەبێتە کرداری سینتاکسیی)


هێڵکاریی (٦)




هێڵکاریی (٧)




(١٤



ڕوونکردنەوەکانی نموونەکانی (13)و (14) ئەمانگەیەنێتە ئەوەی: (ا) خودی کردارە سینتاکسییەکەی زمانی کوردیی دەبێتە فرێزی کرداریی ( $V^-$ ← VP) بڕوانە هێڵکارییەکانی (7)لە خوارەوە، (ب) ڕەگی کردار سەری ڕێزمانیی فرێزی کرداریی، کە وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا لێکسێمێکی ناسەربەخۆیەو کردارێکی بێتافە (Non finite verb).


کردار یەکێکە لە سەرە (Head) فەرهەنگییەکان و فرێزی فەرهەنگیی بەرهەمدەهێنێت ((Cook and Newson (1997: 136) . هەروەها وەک ئاماژەی پێدرا، کردار تەنها یەک تەواوکەر بە دۆخی ڕێزمانی بەرکارییەوە(accusative case) هەڵدەبژێرێت، چونکە وەک لە هێڵکارییەکاندا نیشاندرا، کردارە فەرهەنگییەکە تەنها بەرکاری لە ژێر ڕکێفدایە (C- Command)، واتە دۆخی بەرکاریی لەلایەن ڕەگی کردارەوە دەدرێت. بەوەش کردارە فەرهەنگییەکە دەسەڵاتی هەڵبژاردنی بکەری نابێت، بۆیە دەسەڵاتی دروستەیی کردارەفەرهەنگییەکە لە فرێزەکردارییەکە/کردارە سینتاکسییەکەدا.

سەرە ئەرکییەکان (Funactional Heads )، کە تاف(Tense)و ڕێکەوتن(Agreement) دەگرێتەوە، سەری حکمکەرو فرێزی ئەرکیی بەرهەمدێنن (سەرچاوەی پێشوو لا (148- 152)). تاف سەرێکی حکومکەری ئەرکییەو بەشێکە لە دەوروبەری مۆرفۆلۆژیانەی کردار، واتە بەشێکە لە شکانەوەی (Inflction) کردار، کە تاف بە کردار دەدات و دەیکاتە ڕستیلە (Non finite clause). وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، کرداری سینتاکسیی، کرداری فەرهەنگییە بە تەواوکەرەکەیەوە، بۆیە تەواوکەری تاف کردارە سینتاکسییەکەیە. پارامێتەری ئەم سەرە ڕێزمانییەش هاوشێوەی کردارە فەرهەنگییەکە دەکەوێتە کۆتاییەوە، هەروەها دەبێت ئەوەش بگوترێت، کردارە تافدارەکە سەرەڕای ئەوەی دەبێت فرێزی تاف (Tense Phrase/TP) نواندنێکی تری کرداری سینتاکسییەو نواندنی ($T^-$) تاف بەرهەمی دەهێنی، بڕوانە هێڵکاریی (8)و یاساکەی لە (15)دا

١٥) ا. $TP / T^- = T + VP / V^-$ (سێو خوارد، نامەکە نارد، کتێبەکە برد،....)

ب. $T^- \leftarrow V^- \leftarrow V^0$

**هێڵکاریی (٨)**




یاسای (15)و هێڵکاریی (7) ئەوە دەردەبڕێت، کە کردارە بەسینتاکسبووەکە نواندنی جیاوازی کردارن، لە فەرهەنگەوە بۆ پێکهاتەی سینتاکس لەسەر بنەمای پرۆژەسازدان بەرهەمدێن، بە جۆرێک کردارە سینتاکسییە تافدارەکەی دەبێتە فرێزی ئەرکیی ( Functional Phrase) نەک فرێزی فەرهەنگیی (Lexical Phrase)، واتە دروستەی کرداری سینتاکسیی تافدارو فرێزی تاف لەو پرۆژانەن، کە سەری ئەرکیی بەرهەمیان دێنێت، بەوەش لە قۆناغێکی تری بەرهەمهێناندا دروستدەبن، کە فرێزی ئەرکییە.

ڕێسای پرۆژەسازدان (Projection Principle) قۆناغێکی بەرهەمهێنانی فرێزی فەرهەنگیی و ئەرکییەکانە (http://www.ai.mit.edu/projects/dm/theses/massam85.pdf) ، واتە ناگاتە سنووری بەرهەمهێنانی ڕستە، بۆیە کردارەسینتاکسییە تافدارەکە/فرێزە تافەکە بە هۆی فراوانکردنی ڕێسای پرۆژەسازدانەوە (Extended Projection Principle) دەبرێتە قۆناغی ڕستەوە، بڕوانە نموونەکانی (16)و هێلکاریی (9)، کە دروستەی کردارە سینتاکسییە تافدارەکە پێش ڕستەییەکە ڕستیلە (Clause) نەک ڕستە.


16) ا. ڕۆیشت

ب. سێوەکە خوارد

پ. بەهەواڵەکە زانی

ت. تۆ لە ئەو کرد

هێڵکاریی (٩)




ڕستیلەکە/ فرێزەتافەکە بەهۆی فراوانکردنی پرۆژەسازدانەکەوە دەچێتە قۆناغی ڕستەوە، ئەویش بە هێنانی ئارگومێنتی کەسەوە، واتە کردارەتافدارەکە گرێیەکی(Node) تر بە کەسەوە بەرهەمدێنێت[2] ، کە کردارێکی تافداروکەسدارەو دەبێتە بناغە بۆ ڕستەی سادەی زمانی کوردیی. بڕوانە نواندنی کردارەسینتاکسییە تافدارەکە بەکەسەوەو گواستنەوەکانی بۆ بەرهەمهێنانی ڕستە لە (17)دا.

17) ا) سێوەکە خوارد من (زیادکردنی کەس بۆ کردارەتافدارەکە)

↓

ب) من سێوەکە خواردم (قۆناغی پێش_ڕستەیی)


↓

پ) من سێوەکەم خوارد. (ڕستە)


( [2] ) لە لێکۆڵینەوەکەدا جێناوەسەربەخۆکان بە کەس هەژمارکراون نەک لکاوەکان، چونکە لکاوەکان مۆرفێمی ڕێکەوتن و پەیکاڵی سەربەخۆکانن.

وەک لە نواندنەکانی (17_ا)دا دەرخراوە، کردارەتافدارەکە لە ڕێی ڕێسای پرۆژەسازدانەوە کەسی بۆ زیادکراوە، زیادکردنەکە لەلای چەپەوەیە پەیوەست بە کردەی پۆلەرگەزدیاریکرنەوە (Sub Categrization)، کردارەکە لە نواندنێکە تەختدا (Flat Representation) هەڵاوێری واتاییانەی بکەردەکان و پێکهاتەی واتایی/ دروستەی قووڵ (Deep Structure) بەرهەمدێنێت، بەڵام پاش گواستنەوەی بۆ سینتاکس، بە پێی پارامێتەری سەر (Head Parameter)، کەسە بکەرەکە بۆ وەرگرتنی دۆخی بکەریی (Nominative Case) بۆ لای ڕاست دەگوێزرێتەوەو وەک لە (١٧_ب) دیارە، کردارەکە دەبێتە کرداری کەسدار/ڕێککەوتندار (Finate Clause)و لە جێکەوتەی کەسە گوێزراوەکە مۆرفیمی ڕێککەوتن کۆپیی دەکات، بڕوانە هێڵکاریی (10). لە ڕاستییدا کردارە سینتاکسییە کەسدارەکە بۆ زمانی کوردیی قۆناغ و نواندنێکی پێش_ڕستەییەو دەرنابڕدرێت، بەڵکو دواتر دەبێتە دروستەیەکی ڕستەیی و دەبێتە دوانواندنی ڕستەی زمانی کوردیی و بەوەش دوانواندنی کردار پەیوەندیی سینتاکسیی لەگەڵ بکەری ڕستەدا دەبێت، بڕوانە هێڵکاریی (11).

هێڵکاریی (١٠)



هێڵكاریی (١١)




بە پێی هێڵكاریی ڕستەی زمانی كوردیی پرۆژەی ڕێكەوتە (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٣: 67))و(سازان زاهیر سەعید (٢٠١٩: ١٧٧)). (VP) وەک فرێزێكی فەرهەنگیی لەناو فرێزێكی ئەركیی وەک (TP)داو ئەویش لەناو (AGRP)دا دەشكێتەوە.

هەرچەندە یەكەم هەنگاوی پەیوەندیی نێوان فەرهەنگ و سینتاكس لە ($V^0$)ەوە دەستپێدەكات، بەڵام لەبەرئەوەی (ڕەگ/$V^0$ ) بێ تاف و كەسن، بۆیە بەتەنها نەبووە دروستكەری ڕستەی زمانی كوردیی. دەبێت ئەوە بزانرێت، كە ڕەگ هەرچەندە لێكسێمێكی سەربەخۆ نییە، بەڵام لەبەرئەوەی سەرێكی فەرهەنگییە، ناوەخنی سینتاكسیی و واتایی كردارەكان ڕكێفی سینتاكسیی و واتایی ڕستەی گرتووە.

پێشبینیەكان بۆ زمانی فارسییش ئەوە بەدەستەوە دەدەن، كە ڕەگی كردار سەری ڕێزمانی فرێزی كرداریی بێت (ئاوات ساڵح قادر (٢٠١٥: ٩٥))و (http://arashhematian.com/wp-content/uploads/2018/01/zaban-farsi-konkoor.pdf)، و لەگەڵ تەواوكەرەكەیدا كرداری سینتاكسیی دروست بكەن. بەوەش كردارە سینتاكسییەكانی زمانی فارسییش لە جۆری ( $V^-$) دەبن، بەڵام دەبێت ئەوە تاقیبكرێتەوە، كە ئایا زمانی فارسیی بنەمای جیهانییەكەی كردار جێبەجێدەكات یان كردارەكانی ئەوانیش هاوشێوەی كردارەكانی زمانی كوردیی دەروازەی فەرهەنگییان(Lexical Entry) فراوانبووە (https://files.eric.ed.gov/fulltext/ED586153.pdf) و https://www.englishclub.com/grammar/verbs-classification-main.htm. وەک ئاماژەی پێی درا كردارەكانی زمانی كوردیی لە ڕێی پێشگرەكانی (پێ، تێ، لێ)ەوە دەروازە فەرهەنگییەكەیان پەیوەست بە زانیاریی سینتاكسییەوە فراوانبووە، بەڵام نەبوونی ئەو پێشگرانە لە زمانی فارسییدا وادەكات پێشبینیی ئەوە بكرێت، كە كردارەكانی زمانی فارسیی بە پێی بنەما جیهانییەكەی كردار بڕۆن، كە ئەویش جێبەجێكردنی دوو بنەمای دروستەییە. ئەویش لەبەرئەوەی لە زمانی فارسییدا هەندێک كردار هەن، كە كردارە تێنەپەڕكانن، لە فەرهەنگدا هیچ تەواوكەرێكیان بۆ دیاری نەكراوە، كە بە پێی ئەم یاسای فەرهەنگیی (v)+[.....]ن، كرداری لە جۆری (رو/رف، ترس، خواب،......) نموونەی جێبەجێكراوی ئەو یاسا فەرهەنگییانەن و بەتەنها كردارە سینتاكسییەكە بەرهەمدەهێنن، بڕوانە (18).

18) رو/رف، ترس، خواب (V0) ← رو/رف، ترس، خواب (⁻ V)

جۆرێکی تر لە کردار لە زمانی فارسیدا ئەو کردارانەن، کە بە پێی یاسا فەرهەنگیی V+[N] بەرهەمدێن، بۆیە کردارە سینتاکسییەکەیان، بە تەواوکەرەکەوە دەبێتە (⁻ V). کردارەکانی وەکو (بَر ، کُش ، خور،.....) نواندنە فەرهەنگییەکانی ئەو کردارە کردارانەیە. بڕوانە نواندنە فەرهەنگیی و سینتاکسییەکەی لە (19)دا

19) بَر ، کُش ، خور ($V^0$) ← نامە بر، او کش ، سیب خور (⁻ V)

کردارە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردیی دەروازەی فەرهەنگیی کردارە سادەکان/ یەک_لێکسێمەکانیان فراوانکرد، کە بەهۆیەوە زانیارییە سینتاکسییەکەیان لە فەرهەنگدا گۆڕا. وەک لە (8 و 9)یشدا خرایە ڕوو فۆڕمە سینتاکسییەکەی لە ڕستەدا نواندنێکی جیای هەیە، واتە ئەو کردارانە دیوی فەرهەنگیی و سینتاکسییشیان هەیە. لە ڕاستییدا ئەوانە پەیوەست بە ژمارەی کردارەکانەوە فەرهەنگیی کوردییان زەنگین کردووە، ئەویش لەبەر ئەوەی کردارەکە بۆتە لێکسێمێکی فەرهەنگیی خاوەن واتاو سینتاکسیی جیا. بەڵگەکانی ئەوە بەدەستەوە کە زمانی فارسیی بەهۆی نەبوونی پێشگرەکانی (ڕێ و تێ و لێ)وە دیوی فەرهەنگیی ئەو کردارانەیان نەبێت، بەڵکو پرۆسەکە سینتاکسیی بێت و لە سینتاکسدا ئەو زانیارییە بنوێنرێت، بڕوانە (20).

**٢٠) ا. من <u>درس را فهمیدم</u>. (فهمی) (من لە وانەکە گەیشتم. (تێگەیش))**

**ب. من <u>خبر را دانستم</u>.(دانس) من بە هەواڵکەم زانی. (پێزان)**

**پ. من <u>او را مرد دانستم</u> (دانس) من تۆم بە پیاو زانی (پێزان)**

کردارە سینتاکسییە هێل_بەژێردا هاتووەکانی نموونەکانی (20) ئەوە بەدەستەوە دەدەن، ئەو جۆرە کردارانە پەیوەست بە دروستەو سینتاکسەوە هەمان دەروازەی فەرهەنگیی ئەو کردارانەیان هەیە، کە لە (19)دا خرانە ڕوو، کەچیی کردارەکانی لەو جۆرەی زمانی کوردیی دەروازەی فەرهەنگیی تایبەت بەخۆیان هەیەو لە ڕووی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییشەوە بنەمایەکی تری کردار جێبەجێ دەکەن.

بەو شێوەیەی بۆ زمانی کوردیی لە هەنگاوەکانی پێشوودا ڕوونکرایەوە، پەیوەست بە هەڵگواستن(Derivation)و لێکدانەوە (Compounding) جیاوازیی مۆرفۆلۆژیانەی کردار لە زمانی کوردییدا جیاوازیی سینتاکسیی لێکەوتەوە. نموونەکانی (11) لەسەرەوە ئەوەیان سەلماند، کە کردارە لێکدراوەکان پەیوەست بە داواکردنی ئارگومێنتەوە گۆڕانیان بەسەردا دێت و پێشبینیی دەکرێت لە دوو ئارگومێنتەوە ببنە یەک ئارگومێنتیی. بۆ نموونە گەر بڕوانرێتە کردار لە ناوەکردارییەکانی (Verbal Noun) (خواردن ← نانخواردن)، (هێنان ژنهێنان)دا، ئەوا دەردەکەوێت، کردارە سادەکە دوو ئارگومێنتیی و لە لێکدراوەکەدا یەک ئارگومێنتییە، ئەویش لەبەر ئەوەی کردارە لێکدراوەکە بووتە لێکسێمێکی فەرهەنگیی دیکەو زانیارییە سینتاکسییەکەی گۆڕاوە، بڕوانە دروستەی ئارگومێنتی کردارە سادەو لێکدراوەکە لە (21)دا. بەڵگەکانیش بۆ زمانی فارسییش لە (22)دا ئەوە دەردەخەن، کە گۆڕانی مۆرفۆلۆژیانەی کردار بۆ لێکدراو زانیاریی سینتاکسیی کردارەکە پەیوەست بە ئارگومێنتە دەگۆڕن.

٢١) ا. خواردن/خوار/خۆ ، هێنان/هێن [بەرکار ، بکەر]

ب. نانخواردن/نانخوار/نانخۆ ، ژنهێنان/ ژنهێن [بکەر]

٢٢) ا. خوردن/خور ، گرفتن [بەرکار ، بکەر]

ب. زنگرفتن [بکەر]

دروستەی ئارگومێنت لە نموونەکانی (21)دا بۆ زمانی کوردیی ئەوە دەردەخەن، کە گۆڕینی مۆرفۆلۆژییانەی کردار، پەیوەست سینتاکسەوە (جگە لە واتا) دەروازەی فەرهەنگیی کردارەکان فراواندەکات. بۆ نموونە کرداری (هێنان/هێن($V^0$)) کردارێکی دوو ئارگومێنتییە، کەچیی لە گۆڕانە مۆرفۆلۆژییەکەیدا بۆ لێکدراو (ژنهێنان/ژنهێن (V0)) دەبێتە کردارێکی یەک ئارگومێنتیی. هەمان ڕوونکردنەوەش بۆ کردارە فەرهەنگییەکانی (خواردن/خوار)و (نانخواردن/نانخوار) دەستدەدات. گەر بشڕوانە نموونەکانی (22) بۆ زمانی فارسیی ئەو ڕووندەبێتە، کە کرداری (خوردن/خور)و (گرفتن/گیر) کرداریی دوو ئارگومێنتیین، کرداری فەرهەنگیی (گرفتن/گیر) لە فۆڕمە لێکدراوییەکەیدا (زنگرفتن) دەبێتە کردارێکی یەک ئارگومێنتیی. بەڵام گەر بڕوانرێتە (خوردن/خور) لە زمانی فارسییدا ئەوە دەردەکەوێت، کە کردارەکە هەمیشە دوو ئارگومێنتییە، بڕوانە (23). سەرەڕای ئەوە لە زمانی فارسییدا پێشبینی کردارێکی بەلێکسێمبووی (افسوسخوردن(V0)) دەکرێت، کە ئەو کردارە کردارێکی یەک ئارگومێنتییە (https://www.sid.ir/fa/journal/ViewPaper.aspx?id=28072). بەوەش کردارەکە هاوشێوەی کردارەکانی ( نانخواردن و خەمخواردن و سوێندخواردن،...) دەروازەی فەرهەنگییان فراواندەبێت و دەبنە یەک ئارگومێنتیی یان دەبنە تێنەپەڕ. http://noavaryedu.oerp.ir/sites/noavaryedu.oerp.ir/files/free_articles/66-88-35.pdf

**کرداری فەرهەنگیی** **کرداری سینتاکسیی**

٢٣)خوردن/خور ($V^0$)ــــــــ◄سیب خوردن ($V^-$)، بستنی خوردن ($V^-$)، اب خوردن ($V^-$)

گەر سەرنجی گۆڕانە مۆرفۆلۆژییەکانی کردارەکانی زمانی فارسیی بدرێت، ئەو ڕووندەبێتەوە، کە کردارەکان لە چێوەی هەردوو بنەماکانی کردار لە زمانە سروشتییەکاندا ڕوودەدەن، بەڵام زمانی کوردیی بە هۆی هەبوونی پێشگرەکانی (پێ و تێ و لێ)وە بنەمای کردارەکانی بۆ چوار بنەما فراوان کردووە، بڕوانە نموونەکانی (4، 7، 8، پاری (1/1) ).. بەوەش کردارەکانی کوردیی چوار جۆری لە فەرهەنگ و سینتاکسییشدا هەیە، کەچیی فارسیی دوو جۆری فەرهەنگیی و چوارجۆری سینتاکسیی دەبێت، بڕوانە نموونەکانی (19، 20، 22، 23)، (هێڵبەژێرداهاتووەکانی (20)).

ئەوەی بۆ زمانی فارسیی پەیوەست بە کردارەوە خرایە ڕوو، کرداری فەرهەنگیی و سینتاکسیی بوو، کە بەرهەمی کردارێکی فەرهەنگیی بێتاف بوو، کە دروستکەری کردارێکی سینتاکسیی و فرێزی کردارییشە، بڕوانە هاوکێشەکەی لە (24)دا. فرێزی کرداری پرۆژەی سەرێکی فەرهەنگییە، بۆیە نەچووەتە ئاستی سەرە ئەرکییەکانەوە.

٢٤) $V^0$ ———► $V^-$ ———► VP

خور سیب خور سیب خور


وەک پێشتر بۆ زمانی کوردیی ئاماژەی پێدرا، مۆرفێمەکانی تاف سەری ئەرکیین و کرداری سنتاکسیی تافدار بەرهەمدێنن. بە پێی هێڵکاریی (12)و نموونەکانی (25) پێشبینییەکان بۆ زمانی فارسییش هەر ئەوە بەدەستەوە دەدەن، کە پارامێتەری تاف ( Tense

Parameter) لە کۆتاییدایە، بەوەش کردارەکە سینتاکسییە بێتافەکە لە ناو سەرە ئەرکییەکە/ مۆرفێمی تافەکە دەشکێتەوەو کردارەکە دەبێتە کردارێکی تافدار، پاشان کرداره تافدارەکە پەیکاڵی فرێزی تاف دەبێت لە فارسییدا.

٢٥) $V^0$ ← $V^-$ ← VP ← $T^-$ ← TP

خور — سيبِ خور — سيبِ خور — سيبِ خورد — سيبِ خورد

هێڵكاریی(١٢)




هەنگاوەکان بەو جۆرە نران، کە لە (V ̄) دەست پێدەکات بەرەو TP)) و دواتر بە (AgrP) کۆتایی پێدێت، چونکە مۆرفێمی ڕێککەوتنی نۆمینەتیڤی هەر لە بناغەدا ئاماژە بە کەس و ژمارەی بکەر دەکات و لەبەرئەوە لەگەڵ بکەر ڕێککەوتنی هەیە (مهدی مشكوة الدينى (74:1370)). مۆرفێمی ڕێککەوتن لە سنووری پرۆژەسازدانی فراوانکراودا جێبەجێدەبن و پاش گواستنەوەی بکەر بۆ لای ڕاست وەک سەرێکی ئەرکیی بۆ دروستکردنی ڕایەڵەی نێوان (TP)و ئارگومێنتێکی دەرەکی دروستدەبێت و بەهۆیەوە کردارە تافدارەکە دۆخ بە بکەرەکە دەدات (ئەيوەست بە دۆخەوە بڕوانە : یادطار کریمی (6:1391)).
مۆرفێمی ڕێککەوتن کردارەکە دەکاتە کردارێکی ڕێککەوتندار (-Agr) و دەبێتە پرۆژەی ڕستە(AgrP). بڕوانە هەنگاوەکان لە هێڵكاریی (12)و لەگەڵ هەنگاوەکانی (١٧)دا بەراوردیی بکە !

هێڵكاریی (13)


خور نهار د (تاف) من (کەس) پێکهاتەی واتایی/ دروستەی قووڵ

↓

من نهاررا خوردم قۆناغی ڕستەیی

هەنگاوەکانی هێڵكاریی (12) ئەوە بەدەستەوە دەدەن، کە: (ا) ڕستەی زمانی فارسیی هاوشێوەی کوردیی پرۆژەی ڕێککەوتنەو مۆرفێمی ڕێککەوتن حوکمی دەکات، بڕوانە هێڵكاریی (14). (ب) ڕستەی زمانی فارسیی بە یەک گواستنەوە دەگات بە سینتاکس/دروستەی ڕووکەش.

**هێڵکاریی(١٤)**




**ئەنجام**

1. لەبەر ئەوەی لێكۆڵینەوەكە ڕەگی كرداری كردووەتە كرداره یەک_لێكسێمێكەی كوردیی، بۆیە كردارەكەی بە لێكسێمێكی ناسەربەخۆ هەژمار كردووە. بە جۆرێک ئەو كردارەو كردارە مۆرفۆلۆژییەكانیش بە پرۆسەیەكی مۆرفۆلۆژییانە لە كرداردەخرێن و دەبنە ناو/ كرداری ناویی.
2. كردار لە نێوان فەرهەنگ و سینتاكسدا نواندنی جیاوازی هەیە، نواندنەكان لە فەرهەنگەوە بە ڕەگی كردار دەستپێدەكات، كە دەبێتە سازدەری كرداری سینتاكسیی/فرێزی كرداریی. لەوێشەوە نواندنە سینتاكسییەكانی لە جۆری كرداریی سینتاكسیی تافدار/فرێزی تاف و كرداری سینتاكسیی ڕێككەوتندار/فرێزی ڕێكەوتن، بەرهەمدێن.
3. گۆڕانە مۆرفۆلۆژییەكانی كردار لە زمانی كوردییدا، پەیوەست بە داڕشتن و لێكدانەوە، سەرباری گۆڕینی واتایی كرداره فەرهەنگییەكە، لە ڕووی سینتاكسییشەوە دەروازەی فەرهەنگیی كردارەكە فراواندەكات. ئەوەش وای كردووە نواندنی كردار لە زمانی كوردییدا بە پێی دیویی فەرهەنگیی و سینتاكسیی چوار بنەمای هەبێت
4. كرداری زمانی فارسیی پەیوەست بە فەرهەنگەوە دوو بنەماكەی كردار جێیەجێدەكەن، بەڵام لە سینتاكسدا ، واتە كرداره سینتاكسییەكانیان چوارجۆر دروستەی كردار دەنوێنن. هۆكاری نەبوونی دیوی فەرهەنگیی ئەو كردارانەش بۆ نەبوونی پێشگرەكانی (ڕێ، تێ، لێ)دەگەرێتەوە.
5. پەیوەست بە سینتاكسەوە كردارەكانی زمانی كوردیی و فارسیی لە (V¯) دەستپێدەكەن و بەرەو (T¯)و (Agr-) هەنگاودەنێن، بەڵام لە پێكهاتەی واتاییەوە كردارەڕێكەوتندارەكەی (Agr-) زمانی كوردیی بە دوو هەنگاو دەگاتە ڕستە(Agrp)، كەچیی ئەوەی زمانی فارسیی بە یەک هەنگاو بە هەمان ئاست دەگات.

## سەرچاوەکان

**بەکوردیی**

ئاوات ساڵح قادر (٢٠١٥)، ڕێککەوتنی سینتاکسیی لە زمانی کوردیی و فارسییدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی.

حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩)، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، چاپخانەی خانی، دهۆک.

سازان زاهیر سەعید (٢٠١٩)، نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردییدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی.

عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٣)، زانیاری زگماکیی و دروستەی فۆڕمەگۆڕاوەکان لە زمانی کوردییدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانیی، ژمارە ٣٨ B

**بە فارسیی**

٥. مهدی مشکو الدین (١٣٧٠)، دستور زبان فارسی( بر پایه نظریه گشتاری)، دانشگاه فردوسی مشهد، انتشارات دانشگاه فردوسی مشهد، چاپ دوم، چاپخانه سپهر، تهران.

٦. یادگار کریمی (١٣٩١) ، مطابقه در نظام کنایی (ارگتیو) زبانهای ایرانی: رقابت واژەبست و وند، مجله پژوهش های زبان شناسی ، سال چهارم، شماره دوم.

**بە ئینگلیزی**

7. Cook, V.J & Newson, M.L. (1997) Chomsky's Universal Grammar 2nd, black well: Oxford.

**پێگەی ئینتەرنێت**

http://noavaryedu.oerp.ir/sites/noavaryedu.oerp.ir/files/free_articles/66-88-35.pdf

https://www.sid.ir/fa/journal/ViewPaper.aspx?id=28072

https://www.englishclub.com/grammar/verbs-classification-main.htm

https://files.eric.ed.gov/fulltext/ED586153.pdf

https://www.researchgate.net/publication/224146096_Building_a_large_Persian_Verb_Collection_A_generative_approach

http://arashhematian.com/wp-content/uploads/2018/01/zaban-farsi-konkoor.pdf

http://www.ai.mit.edu/projects/dm/theses/massam85.pdf

http://citeseerx.ist.psu.edu/viewdoc/download?doi=10.1.1.476.8124&rep=rep1&type=pdf

https://en.wikipedia.org/wiki/Lexicalization

**Lexical and Syntactical Representation of Verb in Kurdish Language**

**Abduljabar mstafa maroof**

**Abstract**

This study is entitled (Lexical and Syntactical Representation of Verb in Kurdish Language). This is an attempt to determine lexical and syntactical verb in Kurdish language. The steps start from lexicon to find the form of lexical verb and determine them. It depends on the bases of the verbs which are used in natural language. It determines the modes which Kurdish verb indicates syntactical information. A- That is to say from one side this study relies on the projection principle theory and extended projection theory. The syntactical verb of ($V^-$) ، ($T^-$) and ($AGR^-$) step by step are differentiated. Some of them separated due to projection principle theory some others are differentiated by extended projection theory. B- On the other side the verb separated by the form of nonfinite verb ،finite verb ،nonfinite clause ،and clauses.

Since this study depended on the lexicon background of language in general and syntactical information in particular. it starts from the form of ($V^0$) such as simple verb of one lexeme then derivate and the compound verb is also shown. After that the syntactical representation of these verbs are shown. The ( X-bar) theory is used for the forms of the representation of the verb. According to this theory the grammatical heads in Kurdish language is determined. Although this study is about Kurdish language completely ،sometimes the Persian language is used for giving examples since both languages are from the same family and the similarity and differences are illustrated.

**Kyewords:** lexical verb, post lexical, finte verb, syntactic verb

**التمثيل المعجمي والنحوي للفعل في اللغة الكردية**

**عبدالجبار مصطفى معروف**

**ملخص**

عنوان هذه الدراسة (التمثيل المعجمي والنحوي للفعل في اللغة الكردية). انها محاولة لتحديد الفعل المعجمي والنحوي في اللغة الكردية. تبدأ الخطوات من المعجم للعثور على شكل الفعل المعجمي وتحديدها. ذلك يعتمد على قواعد الأفعال التي تستخدم في اللغة العامية. إنه يحدد الصيغة التي يشير الفعل الكردي فيها إلى المعلومات النحوية. أ- بمعنى أن هذه الدراسة تعتمد (AGR-)من جانب واحد على نظرية مبدأ التخطيط ونظرية التخطيط الموسعة. (V-)، (T-) ومن الجانب الآخر فان الفعل يكون اما على شكل فعل غير محدد ،او فعل محدد ، جملة غير محددة ، وعبارات تعتمد هذه الدراسة على خلفية المعجم للغة بشكل عام والمعلومات النحوية على الوجه . شكل (V0) مثلا الفعل البسيط لمفردة واحدة ثم يشتق منها الفعل المركب. بعد ذلك يتم عرض التمثيل النحوي لهذه الأفعال. تستخدم النظرية (X-bar) لأشكال تمثيل الفعل. وفقًا لهذه النظرية ، يتم تحديد الاسس النحوية باللغة الكردية. على الرغم من أن هذه الدراسة تدور حول اللغة الكردية تمامًا ، إلا أن اللغة الفارسية تُستخدم في بعض الأحيان لإعطاء أمثلة لأن اللغتين تنتميان إلى عائلة واحدة ويتضح التشابه والاختلاف بينهما